# دەستەكانی فاتیمە

## شتێك نەبوو لە دەستی دایكت سپی تر

سدیق عەلی

٢٠٠٧/٢/١٨

هەندێك ووشە:

سورڕەییا، ناوی مامۆستایەكی خۆم بووە لە سەرەتایی.

فاتیمە، ئاماژەیە بۆ ناوی دایكی دەزگیرانەكەم، كە لە ساڵی ١٩٨٧ دا بەسەر دوایین منداڵیەوە مردووە.

نەجات، مەرزیە، دوو هونەرمەندی كۆچكردوون، لەیلا قاسم، ئافرەتێكی شەهیدی كوردستانە.

دڵم هەمیشە لە سەرەی وەستان دەوەستێ، داخ بۆ حیكایەتە دزێوەكانی نەوەستان، ئاخ بۆ بەسەرهاتە پیرۆزەكانی دەست. دەستەكانی دایكت لە تخوبی پەنجەكان پەڕینەوەو لە ئاواییەكانی نەمریدا گۆرانی سەوز بوونیان چڕی، ئەوان لە پایزێكی وەك ئێستادا سپی بوونو فڕینو لەسەر چلەپۆپەی موقەددەس نیشتنەوە، دەستەكانی دایكت، وەك دەستەكانی باوكی دلاوەر قەرەداغی بە ئاسمانەوەبوون، ئێمەش بیرمان نەبوو، دوای تیلاوەتەكانی بەیانی ماچیان بكەین، دەستەكانی دایكت، ئاوازێكی ناسك بوون، كە هەمیشە بەسەر سوانەی خەونەكانمانەوە، سپی دەچوون، سپی وەك بەسەرچوونی من لە باخە تاڵەكانی تەمەندا.

كتێبە بێ بەرگەكانی منداڵیم، چرچی گیرفانەكانی باوكم، بێ مرادی ئاواتە رەنگاڵەییەكانی دایكم، لە نەمریدا لە دەستەكانی دایكت دەچوون، دەستەكان لە دەرەوەی سنووری بینینی مندا، باڵندە بوون فڕین، شنەبا بوون هەڵیان كرد، مانگ بوون دەركەوتن، خۆر بوون هەڵهاتن، پاشان مۆم بوون كوژانەوە.

دەستێك هەبوو
گەش بوو گەش
وەك گەشی مێلاقە لە ژێر ماچەكانی باراندا
دەستێك هەبوو
سپی بوو سپی
وەك سپیەتی یادگاریەكانی وەفایی
لە گێژاوی تەشیەكی شیریندا
شیرین بوو ئەو دەستەی هەبوو
وەك غەدرە تاڵەكانی مردن
ئەو كاتەی بەسەر نەعشی ئەستێرەدا كاوێژ دەكا
دەستێك كە مەرگ دەستی گرتو
دەستێك كە ووشك بوون رای مووسیو
دەستێك كە تاریكی ختیە باخەڵی خۆیەوەو
دەستێك كە ئێستا لەپرچەكانی گڵ بەوڵاوە
تاڵێكی تر شانە ناكات

*        *        *        *        *

دەستێك هەبوو نەرم بوو
نەرم وەك نەرمیەتی چۆلەكە لە شكاندنی رچەی نیشتنەوەدا
ئاخ دەستێك هەبوو

پیرۆز بوو، پیرۆز
لە ماچکردنی دەستە تەڕەکانی دەسنوێژدا
دەستێك کە ئاو ئاوی پێ دەخواردەوەو
هەناسە سازشی بۆ کرد
لە گەرم کردنەوەی پەنجە سەرمەدیەکانیدا
ئێستا لە بسکەکانی نەجاتو
لە پەرچەمەکانی مەرزیەو
لە کەزیەکانی لەیلا قاسم بەو لاوە
پرچێکی نیە بەسەرشانی نەبەردیدا بدات
لە بەرەبەیانیەکی ساڵی ١٩٨٧ دا
بێدەنگ بوو تا منداڵێك دەنگی بێت
نقوم بوو تا هەنسکێك بپشکوێ
ئەوە من بووم بە دوو دەفتەری ترسنۆكو
قەڵەمێکی ساواو
جانتایەکی هەتیوەوە
بەژێر سێبەری لقی ئەو دەستەدا دەڕۆیشتمو
بەدەم خەندەکانی سوڕەییاو
ترسەکانی وەحشەتەوە
کۆڵانم دەکوتا
ئەوە من بووم
بەگیرفانێکی خاڵی لە گوناهو
دەستێکی بەتاڵ لە دەستو
لێوێکی دوور لە ئاواییەکانی بزەوە
شەقامم دەبڕی
ساتێك بوو وەك ئێستا سەرمەست
کە خۆر بێ کرێ وەرگرتن
دیوەخانی پەڕەسێلکەیەكو
هێلانەی عاشقێکی پڕ دەکرد
لە دەستی روناك
لە بەیانیەکی وەك ئەم بەیانیە دەموچاو تەڕ
لە کاتێکی وەك ئێستا ترشو تاڵدا
بەرەو ئاسمانی بێ مرادی شۆڕ بووەوە
دەستێك کە جارێك زاتی نەکردووە
پیتەکانی خوا حافیزی بخاتە ووشەی ژیانەوە
داگیرساو ......

* * * * *

دەستێك هەبوو وەك شیعر باڵی دەگرتو
وەك چۆلەکە دەیجریواندو

وەك روبار دەپژمیو
وەك نێرگز پرچەكانی دەخستە ژێر باڵیو
وەك توله مێو
مزریەتی دەنوسیەوە
دەستێك هەبوو
وەك دەستی دایكم پەمەیی
دەهاتە نێو خەونی زەرنەقوتەیەكو
فێری دەكرد چۆن پەرەگرافی فرین بخوێنێتەوە
دەهاتە سەر ماڵی رەنگاڵەیەكو
فێری دەكرد
چۆن دەستەكانی بەسەر رەنگدا دابەش بكات
له نیوەڕۆیەكی ساڵی ۱۹۸۷
ئەو دەستە لەگەڵ دەسنوێژەكەیدا
پاڵ كەوتنو تا ئێستا رستەیەكی نەخوێندەوە
ووشەی هەڵسانەوەی تێدا بێت
لەگەڵ سپیەتیەكەیدا خەوتنو
تا ئێستاش وەنەوزێكی نەخستە رستەی
یەكتر بینینەوە
نیشانەیەكی سەرسوڕمانی لەژێر تەرزەیەك دانەنا
له دێڕی كۆتایی شیعرێك بچێت
دەستێك هەبوو

★ ★ ★ ★

هێندە بەسەر پیتەكانی پەرچەمی دەزگیرانە ساواكەمدا گریا
تا بوە رۆمانێكی زەرد
زەرد هێندەی ماڵئاوایی كردنی
بولبولێك له دەنگی خۆی
دەستێك هەبوو
لەگەڵ هەموو فرمێسكەكان دادەنیشتو
پڕ بە گەروی كتێبێكی ماڵوێران هاواری بوو
لەگەڵ هەموو خەندەكان پاڵ دەكەوتو
پڕ بە چاوەكانی دەریا پێدەكەنی
له رۆژێكی وەك ئێستادا
خستیانە نێو دڵی كتێبێكەوە
خستیانە نێو نەفەسی هەورێكەوە
بە بەرچاوی منەوە
ئەوكات
كە دەستم لەنێو باخەڵی بەفردا
دوكەڵی مەرگیان شیتەڵ دەكرد

هاتنو خستیانە نێو چارەنوسی بەردێکەوە

★ ★ ★ ★ ★

دەستم هەمیشە بە ئاودا هەڵدەواسم
هەمیشەش وەك ئێوارەیەکی پیر
خۆم لەحیکایەتە سەر شێتەکانم جودا ناکەمەوە
رۆژێکم پڕیەتی لە پیاسەی تۆسنو
رۆژێکم تەژیە
لە هەڵکورمانی گۆرانیەکانی خوا حافیزی
ساڵێکم پڕیەتی لە عەشقی گێژەڵوکەو
مانگێکم پڕیەتی لە حەیرانی ترشو
بالۆرەی بێتام
ساتێکم بێدەنگە
وەك دەنگی هەڵوەرینی بەرِوێکی بێ کلاّوو
دەنکە ترێیەکی پێخواس
وەك دەنگی هەڵبەزینەوەی تەرزەیەکی عاشق
وەك گمەی دەستێکی سپی
لە کەناری لێك جوێبوونەوەدا
هەفتەیەکم پڕیەتی لەئەسەف
ساڵێکم پڕ تر
رۆژێکم.. مانگێکم.. چرکەیەکم.. تەمەنێکم
پڕ پڕە
لە گریانێکی ئەزەلی لەدوای
جێ پێیەکانی دەستێکدا
کە لە رۆژێکی تاریکی ئەو کاتەوە
دەرِواو ئەلفو بێی هاتنەوە ناناسێ

★ ★ ★ ★ ★

هێشتا هەر منداڵێکی پرچن بووم
دەستێکم بە نوقڵی فرێدراوو
دەستەکەی ترم پڕبوو لە داستانی بەسەرچوون
چاوێکم پڕی بوو لە ئاوی تەهارەتی فرمێسكو
چاوێکم لە دەستەکانی ئەشکەوتێکی بێ بن دەچوو
من بووم، بەتەنیشت ناشتنی دەستێکەوە
خەرجی رۆژانەم لەژێر باخەڵی چۆڵی باوکمدا
ناشتو
کتێبەکانم خستە ژێر هەنگڵی رەشەباو
جوێنەکانی مامۆستام
خستە ژێر باڵی ئەبەدیەتەوە
چاوم لێبوو دەستەکانی دایکت

بوونە کۆتر
کۆترێکی تورە لە ئەبەنوسیەکانی مانەوە
★ ★ ★ ★
دەستی دایکت هەمیشە بەدیار نەهاتنەوەی کچانی دەوارەوە
لە ئاهەنگی دەزگیرانێتی کانیو
وەراندنی گەڵاکانی چنارەوە
لە موناسەبەتی پایزدا
چادری بۆ ئایەتەکان هەڵدەدا
دەستی دایکت
بەژێر خەمی هاوێربوونی بولبولو نەغمەو
هاژەو رووبارو
تریقەو دەمو
بزەو لێوو
چپەو گوێچکەو
بزەو نازو
مرچەو ماچو
شەققەو تۆقەو
ترپەو هەنگاودا
دەفڕی
بەسەر جۆگەی زەلیلی مندا
پەنجەکانی رادەهێشت
دەستی دایکت گۆرانیەکی ئەرخەوانی بوو
گوێچکەی مردنی هەڵوەراند
بەهەشتی لەژێر پێوە
کردە باخێکی پڕ بەرائەتو
پێکەنینی تێدا رواند
★ ★ ★ ★
ئیتر لەگەڵ هیچ درەختێکدا تۆقە ناکەم
دەستەکانی دایکت دێر بەدێر
پەنجەکانی دایکت رستە بەرستە
نینۆکەکانی دایکت پیت بەپیت
لە ناونیشانی گاتایەکدا جێ دەکەمەوە
دەستەکانی دایکت
بەسن بۆ دەسگیرۆیی داستانەکان
بۆ سەوز بوون
بەسن بۆ دەستخەرۆکردنی گێژەڵۆکەی مەرگ
لە کڕنووشی سپی دار
بەسن بۆ دەستاو دەستکردن بە دەستاڕی کوشتن

له سڕینەوەی باخو
بەسن بۆ دەستەوایی ئاگر
بۆ نەسوتاندنی عەشقو
چەکەرە نەکردنی گوناهـ
دەستەکانی دایکت
بە تەنیا ئەلفو بێی
داستانەکانی بەرائەتیان هەڵچنی
لە پەراوێزی نەمریدا
بوونە دەسمایەی شین بوونەوە
دەرچوون لە مەرگ ئەی دەست
پەڕینەوە لە گوناهـ ئەی دەست
سەرکەوتن بەسەر تاقەکانی فیردەوسدا
ئەی دەست
ئەی پەمەیی ترین دەست
ئەی دەستەکانی دایکت
ئەی دەستەکانی فاتیمە